
سەروتار



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

# بۆ ئەوەی لێک نزیکتر ببینەوە



هەموو میللەتێکی سەر گۆی ئەم زەمینە، بە ژمارە زۆربن یا کەم، رەشبن یا سپی، لە قرخە و دەشت و بیابانە وشک و برینگەکاندا بن، یا لە ناو کەژ و کێودا بژین، خاوەنی داوونەریت و کولتوور و ئەفسانەی خۆیانن، لەوەتەی هەبوونە، بۆ مانەوە و بەردەوامی ژیانیان کەوتوونەتە ململانێی سەخت و دژوار و هەڵپە لەگەڵ دەوروبەر و سروشتدا، بۆ دەربڕینی ئەم ململانێیەشیان هۆی دەربڕینی تایبەتی بە خۆشیان بەکار هێناوە.. لە خۆشی و ئارامیدا سەما و تەپڵیان لێ داوە، کاتێکیش نائومێدی یەخەی گرتوون و دەستەوسان لە ئاست هێزی سروشت و ئارامیدا سەما و تەپڵیان لێ داوە، کاتێکیش نائومێدی یەخەی گرتوون و دەستەوسان لە ئاست هێزی سروشت و دوژمناندا هیچیان بۆ نەکرابێ، داستان و ئەفسانەیان داهێناوە و گێڕاوەتەوە و بە خەیاڵ و ئەندێشە ژیانێکی ئارام و گونجاویان بۆ خۆیان هەڵبەستووە.. گەل و نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینە، ئاوا خاوەنی داستان و ئەفسانەی خۆیانن، جا لەبەرئەوەی جۆری ژیان و مەترسییەکان لە یەک دەچن دەبینین ئەو گەل و نەتەوانە لە

هەندێ ڕووەوە، ئەفسانە و کولتووریان با لە یەکیشەوە دوور بووبن، لەیەک دەچن بە تایبەتی میللەتانی ڕۆژهەڵات، یا ئەوانەی هاوسنوورن و لە یەکەوە نزیکن و بە درێژاییی مێژوو پێکەوە ژیاون و هەڵسوکەوتیان هەبووە، دەبینین کولتوور و کەلەپوور و داوونەریتیان لەیەک نزیکە و هەندێ جاریش لە هەندێ لایەنەوە چوون یەک وان.. ئەگەر جیاوازییەکی کەمیش لە نێوانیاندا هەبێ، ئەوا بۆ تایبەتمەندیەتی خۆیان دەگەڕێتەوە... ئەو ئەفسانە و حەکایەتانە، ئەو پەند و سەرگوزەشتانە، ئەو ئاواز و گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێیانە، ئەو باوەڕ و داوونەریتانە، ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو میللەتەیە. ڕووی ڕاستەقینەی ئەو میللەتە دەردەخەن، خۆشی و ناخۆشی ژیان و ململانێ و بیروبۆچوونی ئەو میللەتەیە لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەو میللەتەدا خواست و پێویستییەکانیان دەردەخـا، بۆیە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێ شـارەزای ژیانی ئەو مـیللەتە ببی. بە خـوێندنەوەی زانستیانە و لێکۆڵینەوەی وردی کولتوور و داوونەریت و ئەفسانەی هەر نەتەوەیەک، گەلێ لایەنی شاراوەی ئەو میللەتەت بۆ ئاشکرا دەبێت، کە مێژوو نەیتوانیوە بە لایدا بچێت.. زۆرن ئەو نەتەوە و میللەتانەی شارەزای مێژوویان نین، بەڵام لە ڕێگەی ئەفسانە و کولتوور و حەکایەت و داوونەریتیانەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵیاندا پەیدا کردووە.. هەر دوور نەڕۆین، لە ڕێگەی «گابریل گارسیا مارکیز» و «کارلوس فوینتس» و «خولیو کورتسار» و «مانویل یویغ» و داهێنەرانی تری ئەمەریکای لاتین لە ڕێگەی ئەفسانەکانیانەوە، بەهۆی هەڵسوکەوت و داوونەریتیانەوە، شارەزای خەبات و چۆنیەتی ژیانیان بووین.. جا ئەو تاخم و میللەتانەی لەگەڵماندا لە کوردستاندا دەژین، بێگومان خاوەنی کولتوور و داوونەریتی خۆیانن، ئەفسانە و داستان و ئەدەب و هونەر و مۆسیقای خۆیان هەیە، بەداخەوە تا ئێستا هەوڵێکی جدی نەدراوە بۆ ناساندن و وەرگێڕانی ئەفسانە و حیکایەت و ئەدەبی ئەو تاخم و لایەنانەی لەگەڵماندا دەژین، تا ئێستا خوێنەری کورد شارەزاییەکی ئەوتۆی لە کولتوور و ئەدەبی زارەکی و نووسراوی تورکمان و کلدوئاشووری نییە هەروەها ئەوانیش، خەمیان نەبووە لایەک لە ئەفسانە و ئەدەبی کوردی بکەنەوە، نە ئەوان ویستوویانە هەوڵێکی وا بدەن، نە ئێمەش کارێکی وامان کردووە، ئەدەب و کولتووری خۆمان وەرگێڕین و خۆمانیان پێ بناسێنین.. لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لە ڕاستی و پێکهاتە و جۆری ژیانیان شارەزابین و شارەزامان بن.. کە دەبێتە هۆی پتەوبوونی ئەم پێکەوەژیانە و زیاتر لەیەک نزیکبوونەوەمان، لە لایەکی ترەوە ئەدەب و کولتووری هەر میللەتێک بە تەنیا موڵکی ئەو میللەتە نییە، بگرە سامانێکی مرۆڤایەتییە.. هەموو میللەتانی دنیاش مافی ئەوەیان هەیە، سوود لە کولتووری میللەتانی تر وەرگرن.

ئەمەش بێگومان ئەرکی مرۆڤانەی سەر شانی ڕۆشنبیرانی ئەو میللەتانەیە، بۆ لە یەکتر نزیکبوونەوە، ئەدەب و ڕۆشنبیری بکەیتە پردی ئاشتی و بەیەک گەیشتن.